# لاوكی تەنیایی

( چەمانەوەیەك بۆ بزە گەرمەكانی خولیا )

ناڵە حەسەن
كەنەدا ئۆگستی 2005



ئینجانەیەك لە رووناكیت بۆ جێ هێشتم
تا تاریكی ئازارم نەدات
گەرمایی لەشی خۆتت لە نێو جێگاكەم بە جێ هێشت
تا تەنیایی خەونەكانم پەرت نەكات .
رۆژان رۆیشتن گوڵم ,
وەرزەكان بە سەما هاتن
سپییێتی نێو چاوی گەلآكان زەرد هەڵگەران
شەوەكان مردن و بەیانیەكانیش پەرتەوازە بوون
تۆ هەر نەگەڕایتەوە
ئەم سەفەرەت بۆ وا دوورو درێژە درێژ
باڵندەكان كۆچیان كرد و گەڕانەوە
ئەستێرەكان كۆچیان كرد و گەڕانەوە
شەپۆڵەكان كۆچیان كرد و گەڕانەوە
بە تەنها تۆ نەگەڕایتەوە ,
ئەی كوڵیكە سوورەكانی بنار كەژ و كێوەكانی عەشق
بە تەنها تۆ .... !

بەر لە رۆیشتنت ,
هێندە لە خۆبایی و بەرزەفر بووم
وام دەزانی ,
سروشت بە رەنگەكانی روخساری من
كەڤاڵەكانی خۆی رەنگ دەكات .
وام دەزانی ,
ئەوە منم / گەردەلوولە گرمۆڵەبووەكانی ئەبەدیەت

به هەناسە دێنم و
نەمری بە سنەوبەرەکان دەبەخشم و
کوکوختیەکانی دۆزەخیش فێرە فرین دەکەم .
بەلآم هەیهات و واوەیلا بۆخۆم
ئەی کێلگە تەرە هەمیشە سەوزەکەی دڵم
ئێستا , پردی سیراتی ئەفسانەکانی رۆحم
گەلێك لە موو باریکترە
تا ئاو ئارەزوو بکات و
تا چاوەکانی مانگ بربکەن ... تەنیام
تەنیا و تەنیا و تەنیا و تەنیا .
ئەی ئەستێرە ئەسمەرییەکەی بەختم
ئەی کاتژمێرە رەنگ خۆڵەمێشییەکەی دەستم
دە تۆزێك رەحمت بێ و زوو بگەرێوە ... !

بەڵام گوڵە گیان ,
بەر لەوەی بگەرێیتەوە
برۆ لە نێو چاوەکانی دایکم سەرخەوێ بشکێنە
لە پەنجەرەی خەمەکانی بروانە
دوور دوور بروانە دوور ....
لە دەلاقەی یادگارییەگانی منداڵیم بروانە
موحیبەت و عەشق و تەمەن وا لە وێدا
لە نەرمە پیاسەکانی ئێوارانیش
هەموو شەقامەکان و کۆلانەکان  بەسەر بکەرەوە
بۆ دار بە دار و گەلا گەلای باخچەی خانزاد بنووشتێوە
چیرۆکە بورکانیەکانی هەژاران و
خەمە  ریش سپیە پەپوولەییەکانی
کچۆڵە عاشقەکان و
خەونە پەمەییە بەرائەتیەکانی منداڵانیش
لە شیعرێکدا بۆم بنووسەوە و
هەر بروانە و هەر بروانە و هەربروانە
دوور دوور دوور دوور دوور دوور .

گوڵە گیان ,
بەرلەوەی بگەڕێیتەوە
برۆ لای ( کەریم دەشتی ) و پێی بڵێ ,
ئەوانەی لە مردن سەما دەکەن
وەك من تەنیان
ئیدی لەمەودوا چ قەدەرێك لە ئامێزی خۆی
هەڵماندەگرێ و
دەمانگەیەنێتە بەرتەکیە پڕ لە نوورەکەی
مەولەوی و
بخوورێك لە هەیوانی ماڵەکانمان
دادەگیرسێنێ ... !
هەر لە سەر رێگای خۆت دا
سەرێکیش لە رەزە رازاوەکەی
پڕ لە شیعرە کریستالییە ترێییەکانی
( هاشم سەراج ) یش بدە و پێی بڵێ
گەمەی مۆرفیمەکان تەواو بوو
کەف وکوڵی ( ئایس کاپەچینۆ ) ش دامرکایەوە
ئیدی لە مەودوا /
بە دیار کام سفرە نارنجیەکانی ئەڤینی
دوگمەی ستیانە شەرابییەکەی
مەمکەکانی کام بەیاتریس بترازێنین
پێکەکانمان ,
لە گەل بارینی شەهوەتی گژوگیای کام وەرز
رۆندکەکانی کام شەوی ڤینۆسی , هەڵبدەین .
بە مەستی
لە کام رازە رێواسییە نەرم و شلە وجودییەکانی خەیاڵ
بڕوانین .... !

گوڵە گیان ,
ئەوە منم / باران لە تەنهاییم ئاو دەخواتەوەو

کانیەکانی مردنیش چاو هەڵدێنن
لە حەژمەت ئەم ڕۆیشتنەت
نیگا شەبەنگییەکەی بێداریم
لە مەمکە لیمۆییەکانی خودا ڕادەمێنێ
چرکە چرکە بورژانگە نەرمەکانی تەمەنم هەڵدەوەرێ
چرکە چرکە بەفری لوتکە و گردۆڵکەکانی ئارامیم
بە خۆرەتاوی عەشقی تۆ دەتوێتەوە

چرکە چرکە سەمفۆنیای یاد و بزە گەرمەکانی تۆ
شەیداتر و سەروەرتر و تەنیاترم دەکات
گوڵە گیان ,
ئەی شیلەی گوڵە شلێریەکانی نێو بەهەشتی شیعرەکانم
دەتۆزێك ڕەحمت بێ و
زوو بگەڕێوە زوو ... !

تیمۆرتنی ( Main & Wentworth )
کاتژمێر 3.35 دەقیقەی بەیانی